
مەها خەیر بەگ ناسر

# خەونەکەی دارا



وەرگێڕانی
موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

# خەونەکەی دارا

نووسینی

دکتۆرە مەها خەیر بەك ناسر

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی


هەولێر ٢٠١٠

| | |
|---|---|
| بابەت | : چیرۆکی منداڵان |
| نووسینی | : دکتۆرە مەها خەیر بەگ ناسر |
| وەرگێڕانی | : موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی |
| کۆمپیوتەر | : کارزان سعدی |
| چاپخانە | : چاپخانەی شەهاب – هەولێر |
| تیراژ | : ٢٠٠٠ دانە |
| نۆرەی چاپ | : چاپی یەکەم ٢٠٠٩ |

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٢٥٨٦ )ی ساڵی (٢٠٠٩)ی دراوەتێ


مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە

نرخی (١٥٠٠) دینارە




**تێبینی :** ئەم کورتە چیرۆکەم لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی، تەنیا ناوی پاڵەوانەکەم گۆڕیوەو ناوی کوردیم بۆ هەڵبژاردووە .



دارا وەك منداڵەكانی دیكە خەون و ئاواتی خۆی هەیە، بەڵام بە لای ئەوەوە ژیان گەشتێكی خۆشە، بە یاری و رابواردن بەسەری دەبات، بە لایەوە گرنگ نییە سەركەوێت یان شكست بێنێت، گرنگ ئەوەیە ئاسوودەو كامەران بێت. بەردەوام بیری لە رووداوی ئەندێشەیی دەكردەوەو هەركە لێی قووڵتر بووایەتەوە هەستی بە شەكەتی دەكردو نەیدەتوانی ئەو رێگەیە بدۆزێتەوە كەبە خەونەكە دەگەیەنێت .

رۆژێكیان بە دایكی گوت : دایە خەونەكان بەدی دێن ؟

دایكی بەرسقی دایەوە : كوڕم خەون پێوەندی بەكاركردنەوە هەیە .



- بەڵام حەز لە کارکردن ناکەم .

- کەواتە خەونەکەت بەدی نایەت .

- بەڵام خەونەکەم پێویست بە کارکردن ناکات .

- چۆن ؟

- دایە ئەوە نووسراوە .

- دایکی گوتی : کوڕم خەنەکەت چییە؟



دارا پێکەنی و چاوی نقاندو داوای لە دایکی کرد پێنەکەنێت، لەبەردەمیدا وەك عەلەشیش باڵی فش کردەوەو گوتی : حەز دەکەم ببمە میر .

دایکی بە ڕوانینێکی پڕ بە بەزەییەوە تەماشای کوڕەکەی کردو بە سەرسوڕمانەوە پرسی : بۆچی ؟

- چونکە میرەکان هەر دەخۆن و کار ناکەن، خۆش رادەبوێرن و ماندوو نابن .

- چی دیکە ؟

- ئای دایە هەمو رۆژێك بە خۆشی رادەبوێرن و ژیانیان ئاسوودەو کامەرانە .

دایکی راچەنی و بە دەنگێکی بەرز بەهێز گوتی : ئەوە راست نییە .

- بەڵی دایە ژیانی میرەکان جیاکارو نایابە .

- کێ پێی گوتوویت؟

دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە :

- کوڕم هەڵە مەکە، هیچ شتێك بەبێ کارکردن سەرناگرێت .




دارا بێزار بوو، دەم و چاوی گرژ بوو وەك بڵێت گوێی لە دوژمنێك بێت گوتی : حەز لە کارکردن ناکەم .

دایکی بە غەمەوە تەماشای کردو گوتی : کوڕم خوا ڕێت پێشان بدات .

دوایی بەجێی هێشت و چوو خواردن بۆ مێردەکەی ئامادە بکات کە تازە لە کێڵگە هاتبووەوە .

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێپەڕین دارا دەستی یارمەت بۆ دایك و باوك و براکانی درێژ نەدەکرد،ە کە زەوسسان دەکێڵاو سەربانیان بگردێن دەکردو ئاوای بارانیان گرد



دەکردەوە، کەچی ئەو بۆ خۆی بە ناو کێڵگەکاندا دەهات و دەچوو
لانەکانی تێك دەداو لق و پۆپەی درەختەکان دەشکاندو ئەزیەتی منداڵانی
گوندەکەی دەدا، هەر بە دایك و باوکیشیان گوتبایە سەرزەنشتیان دەکرد .
بەڵام هەرکە لێیان دوور کەوتبایەو هەموو ئامۆژگارییەکی ژ بیردەکردن .

شەوێك لە شەوانی زستان، وەك جاران زوو ڕۆیشتە ناو نوێنەکەیەوەو خەو پێڵووەکانی لێك ناو لەولاوەیش دایکی ئاگری کوانووەکەی خۆشتر دەکرد، پاشان بە مێردەکەی گوت :

- بابی دارا من زۆر لە ئاییندەی دارا نیگەرانم .

ئەویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی : ئەی چی بکەین ؟



- بابی دارا چەند بە ئاواتەوەم پیشەیەك فێر ببوایەو چیانی خۆی پێ دابین بکردایە .

بەڵام بابی دارا بیری بە لای دەریایەك هیواو ئاواتدا ڕۆیشت و گوتی :

- چەند ئومێدەوار بووم ببوایەتە مامۆستا .

دایکی دارا ساکارانە بەرسڤی دایەوە : دەڵێن ئەندازیاری باشە .

بابی دارا بە تووڕەییەوە پێیدا هەڵشاخی :

- ئافرەت ئەندازیاری چی ، مامۆستای چی ؟ بۆ کوڕەکەمان خوێندەواری هەیە ؟

دایکی دارا دایە پڕمە گریان و گوتی : ئەوە تەنیا غەمی نێو دڵمە ، چەندین شەوم بەسەر بردو خەونم بەوەوە دەبینی وەك ببێتە مامۆستایەکی ناوداری ڕێزدار هەموو کەسێك لێی نزیك ببێتەوە .

مێردەکە بە دەنگێکی هێور وەڵامی دایەوە : غەمت نەبێت خواوەند کەس کەس لە بیر ناکات . هەستە با بنووین، سبەینێ کارێکی زۆرمان هەیە .



دایکی دارا هەستاو کوڕەکەی داپۆشی و بۆ کوڕەکەی و بۆ هەموو نەدارو بەستەزمانان پاڕایەوەو چووەنێو جێگەکەیەوەو هەر بە پاڕانەو زاری دەجوولاندەوە، هەرچی دارا بوو نغرۆی دەریای خەونێکی قوول ببوو کە بردبوویە جیهانێکی سەیرو ئەفسووناویو ترسناکەوە :

وێڵ و سەرگەردانی جیهانێکی پڕ سیحرو جوانییەو منداڵەکان لە چواردەوری بە یاری زۆرو جۆراوجۆر یاری دەکەن و هەموو لایەکی هەر گوڵ و گوڵزارەو خواردن و خواردنەوەی لەبەردەمدایەو دەتوانێت دەست بۆ هەر شتێك ببات بە دەستیەوە دێت، بەڵام تۆقیوەو ناوێرێت دەست بۆ هیچ شتێك بەرێت، کەسیش ئاووڕی لێناداتەوە .

بە دوای دایك وباوکیدا دەگەڕاو سەرنجی دەم و چاوی خەڵکی دەدا، بڵام کەسی نەبینی، هەستی بە نیگەرانی و ترس و شڵەژان کرد، لە کاتێکدا هەموو شتێك لەدەورو بەری بەشادییەوە گۆرانییان دەگوت، بەڵام لە ناکاودا رووی کردە باخچەیەکی جوان، هەموو جۆرە میوەیەکی تێدابوو کە مرۆڤ ئارەزووی دەکات. برسێتیش بێ هێزی کردبوو. ویستی لە لقە دارسێوێك کە لەو دیوی شوورەکەوە شۆڕببووەوە سێوێك بکاتەوە، لەو کاتەدا گوێی لە دەنگێك بوو هەڕەشەو گوڕەشەی لێدەکرد : ئەو گەندەڵە کێیە دەست بۆ سامانی من دەبات لە گەردنی دەدەم .

پاش چەند چرکەیەك ئافرەتێکی سەرو سیما سەیر لەبەردەمیدا قوت بووەوەو دەستی گرت و رایکێشایە ناو باخچەکەوە وپێی گوت :

- چۆنت وێرا دزیم لێبکەیت ؟

دارا نەیتوانی بئاخفێت، وەك گەڵای بەردەم ڕەشەبا دەلەرزی، بڵێ ئەگینە دەتکوژم.



ئەویش بە ترس ولەرزەوە وەڵامی دایەوە :

- بر ... سیـ .....م ...... بـ.....وو.....

ئەویش بە تووڕەییەوە گوتی :

- خواردن لە هەموو لایەك هەیە، بۆچی دەستت تەنیا بۆ باخچەکەی من درێژکرد؟

- خاتوون لێم ببوورە .

ئافرەتە شەرخوازەکەبەزەیی بە دارادا هاتەوەو پێیگوت :

- تۆ کێیت؟



دارا دایە پڕمەی گریان و گوتی : من شەڕانی و وێڵ و سەرگەردانم، دایك و باوکم بزرکردووەو دەستی بە گریان کرد .

بەسەرسوڕمانەو پرسی : لە کوێ بزرت کردن ؟

- نازانم .

من نازانم ماڵمان لە کوێیە .

گوتی : باشە خەمت نەبێت . چ کارەیت ؟

دارا بیر کردەوەو گوتی : میر .

سیحربازەکە  لە قاقای پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی داو گوتی :
- ئەگەر میر بیت چ کارەیت ؟
بە ترسەوە گوتی : هیچ .
بە سەرزەنشتەوە پێی گوت : چۆن  چۆن قبووڵ دەکەیت بێ ئیش بیت؟
کەمێك راماو سەرزەنشتی خۆی کرد چونکە بەرانبەر ئەو ئافرەتە درۆی کرد کە رەنگە یارمەت بدات، ئەنجا گوتی : راستیت دەوێت من میر نیم .
بەڵام حەز دەکەم ببمە میر .
بەسەرسوڕمانەوە گوتی : بۆچی ؟!
بەپەڕی بڕوا بەخۆ بوونەوە وەڵامی دایەوە : چونکە میرەکان ژیانیکی ئاسان و خۆش رادەبوێرن .
بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی : حەز دەکەیت ببیتە میر ؟
بەزەردەخەنەوە گوتی : خاتوون تەنیا خەونم ئەوەیە ببمە میر .
وەڵامی دایەو : چۆنت بویچت وا دەبێت .
بەڵام هەوڵ بدە کار بکەو چێژ لە بەرهەمهێنان ببینە .
چڵەژاو گوتی : چ کارێك بکەم ؟
دەبێت لە کێڵگەکە مندا کار بکەیت ، دار بچێنیت و لق و پۆی دارەکان بکەیت .
خاتوونم هەوڵ دەدەم .
ئەویش دەیباتە ماڵەوەو خواردنی پێدەدات و جل و بەرگی پاکی لەبەر دەکات و ژوورێکی بۆ نوستن بۆ تەرخان دەکات . رۆژی دواتر تەوشەیەکە

وێ دەدات و هەموو ڕۆژێك چاودێری دەكات كە بە تەنیا كاردەكات و كەسی لیە تەنیشتەوە نییە ئامۆژگاری بكات تەنیا ئەم ئافرەتە نەبێت كە هەرگە بییوستایە پشوو بدات هانی پشوو درێژی دەدا . بەڵام دەبوو ڕۆژانە بەرانبەر بە پارچە نانێك كار بكات بۆ ئەوە برسی نەبێت . كەچی كارەكەی باش نەبوو، ئافرەتەكەی لێ تووڕە دەبێت و هەڕەشەی لێدەكات ئەویش بە تووڕەیی و بێزارییەوە پێی دەڵێت : هەر ئەوەندەم لە توانادایە، من هیچ كارێك نازانم .



لێی نزیك دەبێتەوە هەردوو شانی رادەتەکێنێت و دەڵێت : تۆ کابرایەکی سەرنەکەوتوویت، بڕوات وایە میر شادومانەو هیچ کارێکی نییە، ئەی گێل و گەوج دەی ژیان میرەکان تاقی بکەوە .

سیحربازە سەیرەکە نوشتەکانی خۆی خوێندو دارا بوو بە میر، کە چەندین کۆشك و تەلار و کەنیزەو خزمەتکاری هەبوو .

زۆری پێخۆش بوو، داوای خۆشترین چێشت و خواردنی دەکردو رازاوەترین ئاهەنگێریك دەخست و هەرچە بویستایە دەیکرِی .



ڕۆژێکیان پیاوێکی دانا لێی نزیك بووەوەو پێی گوت :

- سامانی میرنشینەکە خەریکە بە کۆتا دێت، هیچ پلانێکت بۆ چاکترکردنی باری داراییمان دانەناو گەلت لێ هەڵگەڕاوەتەوە .

دارا لە قسەی ئەو پیاوە سەری سوڕماو گوتی :

- تۆ شێت بوویت ؟ کێ لە میری خۆی هەڵدەگەڕێتەوە ؟

پیاوەکە بە بڕوابەخۆبوونەو گوتی : گەورەم گەل. ئەگەر میرەکەیان لە کارو پیشەو زانستدا لاوازو سەرشۆڕو کەمتەرخەم بێت .



دارا زۆری بیر کردەوەو لە خۆی پرسی چ ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی خەڵکی میرنشینەکەی لێ ڕازی بن، بەڵام ناتوانێت کاروباری میرنشینەکە بەڕێو ببات، چونکە هیچ نازانێت، بۆ گشت و کاڵ یان پیشەسازی پرسی پێبکرێت ناتوانێت سوودی هیچ کارێکیان بۆ شی بکاتەوەو پلانێکیان بۆ روون بکاتەوە .

ئایە لە دەستی تورەیی گەڵ هەڵ بێت ؟ نا .

باکی بیرکەوتەوە . دەبێت بە دوای باوکیدا بگەڕێت تا ڕێی پیشان بدات و یارەتی بدات، دەست بەجێ ڕۆیشت ئەسپەکەی زین کردو تێی تەقاند بە گەڕان کرد بە دوای کەس و کاریدا .



گەشتەکەی درێژەی کێشاو ماندوویەتی زەفەری پێبردو دەستی بە گریان کردو سەرزەنشتی بەختی رەشی خۆی کردو گلەیی لە خۆی کرد چونکە بە گوێی دایك و باوکی نە کردو هیوای خواست هەر بە نەداری لە سایەی سۆزی دایك و باوکیدا بمایەتەوە .

ترسا بە تەنیایی لەو بیابان چۆڵەدا بمرێت و سەر بنێتەوە . دەستی بە گریان کردو تا دەهات پرمەی گریانی بەرزتر دەبووەوە . ئەوەندە گریا تا چاوی کردەوەو دایکی لە تەنیشتی خۆیەوە بینی کە لێی پرسی لەبەر چی لە خەونیدا دەگریا .

شڵەژاوی پێوە دیار بوو :

- کورم چیتە ؟چیت بەسەر هاتووە ؟



هاوکات باوکی بەهەڵەداوان هات تا لە تەندروستی کوڕەکەی دڵنیا بێت .
دارا وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو خۆی هاوێشتە باوەشی دایکیەوەو لەگەڵیشیدا دەگریا . .

بە گریانەوە دایکی گوتی :چیتە کوڕم ؟

ئەویش وەڵامی دایەوە : دایە داوای لێبوردن دەکەم .. بابە داوای لێبوردن دەکەم .

دایك و باوکی بە یەك دەنگ گوتیان :

- لەبەر چی خۆشەویستم ؟

گوتی : بەڵێنتان پێدەدەم و هەموو داوایەکتان جێبەجێ دەکەم و ، سەر لەنوێ دەگەڕێمەوە قوتابخانە . هەڵە بووم . دایە بزری زۆر ترسناکە ، یارمەتیم بدەن .

باوکی گوتی : خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت کوڕم .

پاشان تەماشای هاوسەرەکەی کردو گوتی : پێم نەگوتیت خوا گەورەیە، ڕێگەی ڕاستی پێشان کوڕەکەمان دا . بەڵام کوڕم پێمان بڵێ چی رووی داوە ؟

دارا دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی خەونە سەیرەکە کرد، دوای ئەوەی کۆتایی بە گێڕانەوەی ڕووداوە سەختەکان هێنا، دایکە دڵسۆزەکەی بە سنگی خۆیەوە نووساندو گوتی : کوڕم بنوو، بەیانییان خەونە ڕاستەقینەکان لەدایك دەبن .



لەو رۆژەوە دارا رۆڵی خۆی لە ماڵ و کۆمەڵدا بە باشی بینی و پڕ بەدڵ کاری دەکرد تا خەونی راستەقینە بەدی بێنێت و وای لێهات خەڵکی گوندەکە هەموویان

خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێدەناو ڕێزی ڕایان دەگرت و بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانەیان پرسیان پێدەکرد .


دارا لەو خەونە ترسناکەو پەندی وەرگرت و بۆ ژیانی واقیعی گەڕایەوەو بە پیرەمێردی دانا ناوزەدیان کرد .





## نووسەر لەچەند دێڕێکدا

- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆرەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە
- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی راز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .
- کۆشیعری رێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .
- کۆچیرۆکی مەرگەمووش ساڵی ٢٠٠٠ هەولێر .
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .
- مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی و رۆژنامەنووسیشە .



لەسەر ئەرکی مامۆستا موحسین چینی چاپکراوە...